Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090214

# هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە لەڕێگەی  ئەنتەرنێتەوە لە ڕوانگەی ماموستایان و خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان وئاڕاستەیان دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی

شريهان أحمد محمد

بەشی پەروەردەودەروونناسی /کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی گەرمیان

مناضل عباس قاسم

بەشی پەروەردەودەروونناسی /کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی گەرمیان

**پوختە**

پوختەی لێکۆڵینەوە  و ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە بریتییە لە:

- زانینی پێوانەی پرۆسەی وانەوتنەوە لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان . زانینی پێوانەی پرۆسەی وانەوتنەوە لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە لە ڕوانگەی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان . زانینی پێوانەی ئاڕاستەی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان ودەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی زانینی پێوانەی ئاڕاستەی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان وئاڕاستەیان دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی . بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش،لێکۆڵەر میتۆدی "وەصفی شیکاری " بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە کە بریتییە لە سەرجەم خوێندکاروومامۆستایانی کۆلێژی پەروەردە زانکۆی گەرمیان بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) کە ژمارەیان (٣٢٣) مامۆستا،(٤٩٥٤)خوێندکار ،لەو ژمارەیەش سامپڵێکی هەرەمەکی چینایەتی بەرێژەی (٠.١١%) وەرگرت بۆمامۆستا ، بەرێژەی (٠.٠٤٧%) بۆخوێندکار وەرگرت بریتی بوولە(٣٦) مامۆستا ،(٢٣٧) خوێندکار. لێکۆڵەرپێوەری( پرۆسەی وانە وتنەوە لەڕێگەی  ئەنتەرنێتەوە لەڕوانگەی مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان)ی لەسەر بنەمای چوار بوار بۆمامۆستا،شەش بوار بۆخوێندکارئامادەکردوە پێوەری ئاراستەی مامۆستا و خوێندکار دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی پێك دێت (٢٥)بڕگە بۆمامۆستا ،(٢٥)بڕگە بۆخوێندکار ڕاستی و جێگیری و هێزی جیاکاری بڕگەکانی بۆ هەریەك لەپێوەرەکان دەرهێناوە،بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکان نموونەی پشکنین (١٣) مامۆستا (٣٠) خوێندکار لە نموونەی بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکە هەڵبژاردووە. پرۆگرامی پاکێجی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنا spss لێکۆڵەر بۆ چارەسەری ئاماریی زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەکە (ناوەندە ژمێری ، تێستی تائی بۆدوونمونە ،هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن،لادانی پێوەری). دوابەدوای ڕێکارییەکانی لێکۆڵینەوە و چارەسەری

## Article Info

Received: February,2022
Accepted : April,2022
Published :July ,2022

## Keywords

**هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە ڕێگەی ئەنتەرنێت، ڕوانگەی ماموستایان وخوێندکاران، زانکۆی گەرمیان وئاڕاستەیان، خوێندنی ئەلیکترۆنی**

## Corresponding Author

[illegible]

ئامارىی داتاو زانیارییەکان لێکۆڵەر بەچەند ئەنجامێك گەیشتووە لەوانەش:

بەشێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان لە ئاستێکی بەرزدایە. بەڵام هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە لە ڕوانگەی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان لە ئاستێکی نزم دایە، ئاڕاستەی(بۆچوون)ی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان ودەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی نەرێنیە، ئاڕاستەی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ودەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی نەرێنیە .

پێشەکی:

ناساندنی لێکۆڵینەوە

ئارێشەی لێکۆڵینەوە

خوێندن لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەنتەرنێت ڕۆڵی گرنگ و بنەڕەتی هەیە لەپرۆسەی وانە وتنەوە ئەمەش لە ژێر ڕۆشنای پێشکەوتنی تەکنەلوژیا. ئە گەر سەیری بارودۆخی ئیستا بکەین کە جیهان دە ناڵێت بە دەستیەوە بەهۆی بڵاو بوونی ڤایرۆسی کۆرونا بێ گومان هە رێمی کوردستان بە دەر نیە لەم بارودۆخە ئەمەش بوە هۆی خوێندن لە ناو پۆل بگۆرێت بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی لە پێناوی بەردەوامی لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن . زانکۆی گەرمیان یە کێکە لەو زانکۆیانە لەناکاو بەناچاری دەستیکرد بە خوێندنی ئەلیکترۆنی چونکە پێشتر ئەم ڕێگایەی بە کارنەهێناوە .

گرنگی لێکۆڵینەوە:

ئەمرۆ جیهان ڕووبەڕووی قۆناغێکی پێشکەوتنی فیکری و پەروەردەیی بۆتەوە، کە چەندین لێکۆڵینەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجام دراون لە بواری پەروەردەیی، بۆیە زیاتر گرنگیی بەم بوارە دراوە، و دەبینین فیکری-هزری-پەروەردەیی گەشاوەتەوە و پرۆسەی پەروەردە بۆتە ڕێگەی وەبەرهێنانی – پێشکەوتنی-کۆمەڵایەتی و مرۆیی و جێبەجێکاری، کە پەیوەستە بە پێداویستییەکانی پەرەپێدان لە کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی ( کاڤم، ٢٠١٩:ل ٣٩). پەروەردە پرۆسەیەکی بەردەوامی هەمیشەییە، مەبەست لێی ئامادەسازی و پەروەردەکردنی کەسەکەکانە بە شێوازێك کە بە تەواوی و گشتگیری پەروەردە کرابن، بۆ ئەوەی ببنە کەسانی گەشبین و سودبەخش بۆ خۆیانو کۆمەڵگەکەیان ( أبو دیە، ٢٠١١: ل ١٧ ).

هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی پێویستە بۆ هەر بوارێك لە بوارەکانی ژیان، و بەشێکە لە پرۆسەی پەروەردەیی، کە ڕادەی وەدەستهێنانی ئامانجەکان دیاری دەکات، لەگەڵ دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان لە سەرجەم لایەنەکانی فێرکردن، بە ئامانجی باشترکردن و پەرەپێدانی پرۆسەی فێربوون ( جامل، ٢٠٠١:ل ٨٩ ). بەهۆی پێشکەوتنی خێرای کۆمەڵگەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بە تایبەتی تەکنەلۆجیا تۆری پەیوەندییە فراوانەکان، وگواستنەوەی زانست و زانیاری لەسەرجەم بوارەکان، هەروەها زیاد بوونی توێژینەوەی پەروەردەیی لە جیهاندا، لە کوردستانش پێویستمان بە لێکۆڵینەوە هەیە لە هەموو بوارەکان بەتایبەت لێکۆڵینەوە پەروەردەیی لە بابەتی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت خوێندنی ئە لیکترۆنی بەهۆی کەمی زانیاریمان .

ئامانجی لێکۆڵینەوە

١- زانینی پێوانەی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان .

٢- زانینی پێوانەی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە لە ڕوانگەی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان

٣- زانینی پێوانەی ئاڕاستەی(بۆچوون)ی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان ودەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی .

٤- زانینی پێوانەی ئاڕاستەی(بۆچوون)ی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی.

سنوری لێکۆڵینەوە

١- هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە لە ڕوانگەی مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان وئاراستەیان دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی .

٢- زانکوی گەرمیان/کۆلێجی پەروەردە

٣- ماموستایان وخوێندکارانی زانکۆی گەرمیان /خوێندنی بە یانیان

٤- ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ - ٢٠٢١)

دیاریکردنی زاراوەکانەکان

١- هەڵسەنگاندن

هەریەك لەمانەی خوارەوەبەم جۆرە پێناسەیان کردووە :

- الوکیل، المفتی( ٢٠٠٧ ) : پرۆسەیەکە تاك یاخود کۆمەڵێك هەڵدەستن بە ئەنجامدانی بۆ زانینی ئاستی سەرکەوتن و شکست لە وەدەستهێنانی ئەو ئامانجە گشتییانەی کە پرۆگرامی بۆ داڕێژراوە، هەروەها بۆ زانینی خاڵە بەهێز و لاوازەکانیشە، تاوەکو بتوانرێ ئامانجە ویستراوەکان بەدەست بهێنرێ بە باشترین شێوە و جۆری پێویست ( الوکیل و المفتی، ٢٠٠٧: ل١٦٢) .

- محمد( ٢٠٠٨ ) : کۆمەڵە پێوەرێکی زانستییە کە ئامانج تیایاندا برتییە لە هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو هەوڵانەی ئەنجام دراون، بۆ وەدەستهێنانی ئامانجی دیاریکراو لە سایەی ئەو پێوەرانەی دیاریکراون لەم پرۆسەیەدا، لەگەڵ پلاندانانی پێشوەختە،ئەوەش بریتییە لە بڕیاردان لەسەر ئاستی ئەو هەوڵ و کۆششانە ( محمد، ٢٠٠٨:ل ١٧٣).

-الهاشمی وعگیە (٢٠٠٩) : پرۆسەیەکی داڕێژراوی ڕێکخراوی ڕێك و پێکە، بڕیاردانی تیایە لەسەر ڕەفتار یاخود بۆچوون یان ویژدانو ئەمەش دوای بەراوردکردنی خەسڵەت و ڕاستییەکانی ئەو ڕەفتارە، کە لە ڕێگەی پێوانەکردنەوە بووە لەسەر کۆمەڵێك پێوەرو پاشان دیاریکردنی بە وردی (الهاشمی وعگیە، ٢٠٠٩:ل ٤٩).

٢-وانەوتنەوە

هەریەك لەمانەی خوارەوەبەم جۆرە پێناسەیان کردووە :

- الحیلە ( ٢٠٠١ ) :هاوسەنگییەکی وردە لە نێوان ئامانجەکان و ستراتیژەکانی بەرجەستەکردنی ئامانج و ئەزمونەکاندا، کە لەڕێی هەڵوێستە پەروەردەییەکان و ژینگە کۆمەڵایەتیەکەوە دەستدەخرێن (الحیلە،٢٠٠١: ٤٧).

- أبو شریح( ٢٠٠٨ ) : لە شارەزابوون لەو زانیاری و زانستانەی کە بەدەستهاتوون، و پێشکەشکردنیان لە لایەن مامۆستاوە بۆ فێرخواز بە بەکارهێنانی کۆمەڵێ ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوە کە گونجاوبن لەگەڵ تەمەنی لۆژیکی و جەستەیی، و فێرکردنی فێرخوازە بەو ڕێگا و شێوازانەی کە بەهۆیانەوە تێگەیشتنی زانیارییەکان وەدەست دەهێنرێن لە ژیانی ڕۆژانەیدا ( أبو شریح، ٢٠٠٨:ل٩).

- الفتلاوی( ٢٠٠٩ ): پرۆسەیەکی بە ئامانجە یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ تێگەیشتنی لە ئەزموونی فێرکاریی، و چالاکی و گونجان لەگەڵی، و

سوودوەرگرتن لە ئەنجامەکانی ئەم چالاکییە لە ڕێی ڕێکخستنی ڕەفتاری، و بەدەستهێنانی ڕەفتاری نوێی گونجاو ( الفتلاوی، ٢٠٠٩:ل١٨)

٣- ئەنتەرنێت

هەریەك لەمانەی خوارەوە بەم جۆرە پێناسەیان کردووە :

- سلامە وأبو ربا (٢٠٠٢) : تۆڕێکە هەموو تۆڕەکان لەناویدان و کۆمپیتەرێکی زۆرگەورە کە دەتوانن پەیوەندی پێکەوە بکەن لە هەموو شوێنی جیهاندا لەرێگەی پەیوەندی کردن بە شە پۆلی تۆرەکان (سلامە وأبو ربا، ٢٠٠٢:ل ٣٦).

- الحیلە (٢٠٠٢) : ئەنتەرنێت تۆڕێکی گەورەیە لەرێگەی ئامێری کۆمپیتەرێکەوە بەستراون لە هەمووجیهان بڵاوبوەتەوە (الحیلە، ٢٠٠٢:ل٢٣٨).

-السید (٢٠١٣) : تۆرێکی گشتیە چەند لقێك لەو تۆرە دەبێت هەر یەك لەو تۆرە بەستراوە بەئامێرێکی کۆمپیتەری کەسی لەرێگای هێڵی ناوچە یان جیهان بە خێرای جیاوازن و ، یەك پرۆتۆکۆڵ بە دەستەڵاتە لەرێگای ئەم تۆرانەوە زانیاری و هەواڵ توێژینەوە نامەی ئەلکترۆنی ئاڵوگۆر دەکرێت (السید ، ٢٠١٣: ل١٥٥).

٤- مامۆستا

هەریەك لەمانەی خوارەوە بەم جۆرە پێناسەیان کردووە :

- الترتوری و جویحات ( ٢٠٠٦) : فێرکار و توێژەر و بیرمەند و سەرپەرشتیارە لەسەر توێژینەوەی قوتابیان، و ئەندامێکی چالاکە لە خزمەتی کۆمەڵگە، و ڕێنماییکار و پەروەردەکارە بۆ قوتابیان ( الترتوری و جویحات، ٢٠٠٦:ل ١٠٣).

-عبلە ( ٢٠٠٧) : ئەو کەسەیە کە زانیاری تەکنەلۆجی و ئەخلاق و ڕەفتاری و توانستی بەدەستهێناوە کە وای لێدێت بتوانێ پیشەی وانەگوتەوە مومارەسە-پراکتیزە-بکات ( عبلە، ٢٠٠٧:ل ٤).

- صالح ( ٢٠١٧) : شارەزایەکە کاتێك لە دەرەوەی پرۆسەی خوێندن بێ، و توێژەرە کاتێك لەناو زانکۆدایە ( صالح، ٢٠١٧:ل ٣٦).

٥-ئاراستەکان:

هەریەك لەمانەی خوارەوە بەم جۆرە پێناسەیان کردووە

- خلیفە ( ١٩٩٠ ) : دۆخێکی ویژدانی تاکە پێکهاتووە لەوەی کە پێی قایل بووە لە بیروباوەڕ و بۆچوونەکان، ئەوانەی پەیوەندییان بە بابەتێك یاخود کەسانێکی دیاریکراو هەیە، ئەم دۆخە زۆر پاڵی پێوە دەنێت هەستێت بە ئەنجامدانی کۆمەڵێ وەڵامدانەوە و ڕەفتارەوە، جا لە ڕێی ئەم بەدەمهاتنەوە-وەڵامدانەوە-دا ڕادەی یاخود ئاستی وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی تاك بۆ ئەم بابەتە پێشهاتە دەردەکەوێ ( خلیفە، ١٩٩٠:ل ١٣).

-زهران (٢٠٠٣) : ڕێکخستنیەکی ئەگەرییە یاخود گۆڕانێکی توندوتۆڵە یان ناوەند( لەنێوان سەرنجراکێش و وەڵامدانەوە دایە) کە بریتییە لە ئامادەسازییەکی دەروونی یاخود لۆژیکی دەماری فێرخوازە بۆ وەڵامدانەوەی ئەرێنی یە یاخود نەرێنی-وەرگرتن ورەتکردنەوە- لەمەڕ کەسانێك یاخود شتانێك یان کۆمەڵە بابەت یا کۆمەڵە هەڵوێستێکی دژواری قسەهەڵگرە لەو ژینگەیەی کە ئەم وەڵامدانەوەیە دەوروژێنێ ( زهران، ٢٠٠٣:ل١٧٢).

- عماشە ( ٢٠١٠ ) : سەرجەم وەڵامە ئەرێنی و نەرێنەکانە سەبارەت بە بابەتێکی کۆمەڵایەتی وروژێنەری دیاریکراو، ڕوانگە وەك ڕێنماییکارێك بۆ ڕەفتارو پاڵنانی کاردەکات ( عماشە، ٢٠١٠:ل ١٥).

٦-خوێندنی ئەلیکترۆنی

هەریەك لەمانەی خوارەوە بەم جۆرە پێناسەیان کردووە:

- الغراب (٢٠٠٣) : فێربوونە بە بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و بەرنامە جیاوازەکانی، لە ڕێی هێڵە داخراوە تایبەتییەکان بێ یاخود هێڵە بەژداربووەکان یاخود هەرهێڵێکی گشتی ئینتەرنێتی بێت، ئەمەش فێربوونی شیاو و کراوەیە و لە دوورەوە ئەنجام دەدرێ ( الغراب، ٢٠٠٣:ل ٢٥).

-زیتون ( ٢٠٠٤) : پێشکەشکردنی ناوەڕۆکێکی فێرکاری ئەلیکترۆنییە لە ڕێی هۆکارە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتە بۆ فێرخواز بە شێوەیەك بتوانێ چالاك بێ لەگەڵ ئەم ناوەڕۆکەی بۆی دانراوە لەگەڵ مامۆستا و هاوڕێیانی، بە شێوەیەکی ڕێکوپێکی بەردەوام بێ یاخود نا، هەروەها بۆ مەبەستی گەیاندنی فێربونە لە هەرکات و شوێنێك بە خێراییەك بگونجێ لەگەڵ دۆخ و تواناکانی، و بتوانرێ هەم فێرکردنە ئەنجام بدرێ لەرێی ئەم ئامێرانەوە ( زیتون، ٢٠٠٤:ل ٢٤)

الموسی والمبارك ( ٢٠٠٥ ) : ڕێگەیەکی بۆ فێربوون بە بەکارهێنانی ئامێرە پەیوەندییە نوێیەکان لە کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکان، و هۆکارە جیاوازەکانی لە دەنگ و ڕەنگ، و بەرنامە و توێژینەوە و کتێبخانەی ئەلیکترۆنی، بە هەمانشێوە ڕێگەکانی پەیوەندیی ئینتەرنێت چ لە دوور بێ یان نزیك یاخود لە وەرزی خوێندندا، ئەوەش بریتییە لە بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی تەکنەلۆجیا بۆگەیاندنی زانیاریی بۆ فێرخواز بە کەمترین کات و ماندووبوون وسودی زیاتر( الموسی والمبارك، ٢٠٠٥:ل ١١).

٧- زانکۆی گەرمیان/ زانکۆیەکی حکومیە سەربە وەزارە تی خوێندنی باڵایە هەرێمی کوردستان – عیراق لەساڵی٢٠١١دامەزراوە، ناوەندی زانکۆکە لە قەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، لەئێستادا لە هەشت کۆلێژ پێك دێت :ئەویش کۆلێژەکانی (پەروەردە ، زانست ، پەروەردەی بنەرەتی ، پزیشکی )لە قەزای کەلار، (کۆلێژی زمان وزانستەمرۆڤاییتیەکان، کۆلێژی ئای تی، کۆلێژی پەروەردەی وەرزش ) لەقەزای خانەقین، کۆلێژی (کشتوکاڵ) لەقەزای کفری ، وەکو کۆمەڵگە یەکە بۆ توێژینەوەیە

## بەشی دووەم

تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو لایەنی

- گرنگیی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی:

•هەڵسەنگاندن یارمەتی دامەزراوەی پەروەردەیی دەدات، لە دڵنیایی بۆ ئاستی سەرکەوتنی دەربارەی وەدەستهێنانی ئامانجەکان و دەرئەنجامەکانی پرۆسەی خوێندنیان، بەم هۆیەوە دەرگا بە ڕوویان دەکاتەوە بۆ ڕاستکرنەوەی ئاڕاستەیان لە ژێر سایەی ئەو ئامانجانەی کە بۆ خۆیان دایانناوە.

•زانینی ئەو ئاستەی کە خوێندکار پێی گەیشتوون لە وەدەستهێنانی لێهاتووییەکانی خوێندن و باقی لێهاتووییەکانی دیکەش، کە لە ئەنجامی خوێندنیاندا گەشەیان کردووە (عایش، ۲۰۱۰: ل۲۲۸).

•دۆزینەوەی دۆخە ناهەمووارەکانی دواکەوتوویی لە خوێندن، و گرانیی فێربوون، و چارەسەرکردنیان لە هەمانکاتدا.

•خستنە ڕوو و پیشاندانی ئەنجامی کاری مامۆستا و چالاکییەکانی، بەشێوەیەك کە دەتوانێت بەهێزیان بکات، یاخود بیانگۆڕێت بۆ باشتر، چ لە ڕووی ڕێگەکانی وانەوتنەوە یان شێوازی ڕەفتارکردنی بەرامبەر بە خوێندکار، بەشێوەیەك کە ببێتە هۆی پتەوکردنی وەرگرتنی زانیاری بۆ خوێندکارەکان( الکسوانی وئخرون، ۲۰۰۷: ل۱۹۷).

جۆرەکانی هەڵسەنگاندن:

بەشێوەی گشتی هەڵسەنگاندن دەکرێ بە سێ جۆرەوە ئەوانیش :

یەکەم: هەڵسەنگاندنی سەرەتایی

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە هەروەك لەناوەکەیەوە دیارە بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆسەی فێردنە پێش دەستپێکردنی بەشێوەی گشتی ئامانجی دیاری کردنی ئاستی ئامادەی و توانای فێرخواز بۆفێربوون ، یان زانینی ڕەوشتی فێرخواز ، هەڵسەنگاندنی فێرخواز پێش دەستپێکردنی بە پرۆسەی وانە گوتنەوە یان بۆئەوەی بزانین لە کوێوە دەست پێبکەین و بابەت و زانیاریەکان بەپێی تواناو لێهاتوویان ئامادەبکەین(الحیله، ۲۰۰۲: ل۳٦٥ ). هەروەها هەڵسەنگاندنی سەرەتای وا دەکات دووبارە پێداچوونەوە بە پلانی پرۆسەی وانەوتنەوە بکەین بۆئەوەی گونجاوبێت لەگەڵ پێویستی فێرخواز ،هەروەها بۆ پۆلینکردنی فێرخواز بەپێی نمرەیان (عوده،۲۰۱۰: ل ۳۳).

دووەم: هەڵسەنگاندنی پێکهێنەر

جۆرێکە لە ستراتیژی ڕێکخراو ناونراوە بە هەڵسەنگاندنی بەردەوام مامۆستابەکاری دەهێنێت بۆتاقیکردنەوەی دەستکەوتی بونیادی لەیەکەم هەنگاوی پرۆسەکە تاکۆتای ساڵ بەردەوام دەبێت هەروەها بۆچاودێری کردنی فێرخواز لە ماوەی پرۆسەی فێرکردن ، دەبێتە فیدباکێك بۆ هەر بەشێك ، هەروەها دەبێە یارمەتیدەر بۆبەدی هێنانی ئامانج ، هەروەها بۆ ئەوەی تابیزانین فێرخواز لە چ بەشێك لاوازە یان ماماوەندە تا مامۆستا پێداچوونەوە بە بابەتەکە بکات زانیاریەکانی زیاد بکات (الجاغوب ، ۲۰۰۲ :ل۲۳۳ ) .

سێیەم: هەڵسەنگاندنی کۆتایی

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە کۆتای پرۆسەی فێرکردن (وەرزی و ساڵانە ) ئەنجام دەدرێت ، بەشێوەی نمرە روون دەبێتەوە لەسەر ئەو بنەمایە مامۆستا دەتوانێت فێرخوازەکان پۆلێنیان بکات بریاریان لەسەر بدات ، واتە بریاردان لەسەر دەستکەوتی فێرخواز ( عبدالهادی ، ۲۰۰۲ :ل ۳۱ ) .

هەنگاوە کانی هەڵسەنگاندن:

۱- دیاریکردنی ئامانج دیاریکردنی پیلان و ئەمەش کەمترین کات و ماندووبوون، دەبێت ئامانجەکە ورد و روون بێت (شحاده،۲۰۰۹: ل١٥٦)

۲- ئامادەسازی کرداری هەڵسەنگاندن ئەم ئامادەسازیە چەند پرۆسەیەك لە خۆ دەگرێت ئامادە کردنی ئامرازو تاقیکردنەوەی پێوەری گونجاو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویستە، هەروەها ئامادەکردنی کادرێکی ڕاهێنراو بۆ کۆ کردنەوە زانیاری وە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن (الدمراش، ۱۹۹۷:ل٣٦٧)

۳-دیاریکردنی بری زانیاری کە پێویستی پێتی .

٤-دیزاینی بنیادنانی ئامراز و شێوازی هەڵسەنگاندن و وەکو تاقیکردنەوە و تێبینی کردن و ڕاپرسی .

٥-کۆکردنەوەی داتا بە ئامرازێکی، بریاردان لە رویەکی دیاریکراو

٦- شیکردنەوەی داتاکان تۆمارکردنی و هەڵهێنانی دەرئەنجام و بەرهەم هێنان، ئەمەش پەنابردنە بەر هەنکاوی ئاماری جیاواز .

۷- راڤەگردنی داتاکان .

۸= بریاردان و جێ بەجێ کردن ،زانینی زانیاری هەلسەنگاندن پاشان چاکسازی لە دیاردە یان ڕەوشت .(الفیلی، ۲۰۱٤: ل۲۸)

بنەماکانی هەڵسەنگاندن :

۱-دەبێت هەڵسەنگاندن پابەندبێت بە ئامانجی پرۆگرام ،لەبەر ئەوە ئامانجی پرۆگرام لایەنێکی سەرەکیە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن . (الرشیدی،۱۹۹۹:ل۹۹).

۲- هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی بەردەوامە ، و پێویستە بۆ وانە وتنەوە ، لەپێش یان لەپاش یان لەماوەی وانە گوتنەوە ئەنجام دەدرێت .

۳- پرۆسەی هەڵسەنگاندن بە مەبەستی دیاریکردن یان چارەسەر کردن .

٤- هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی گشتیە هەمووڵایەنەکانی فێرخواز لە خۆدەگرێت عەقلی ( معریفی ) و ویژدانی و کارامەیی .

٥- پێویستە هەڵسەنگاندن بابەتی و راستگۆیی و جێگیری و گشتگیری و توانای ئەنجامدانی تێدابێت .

٦- هەڵسەنگاندن گرنگە هاوکاری تێدابێت مامۆستاو فێرخواز لایەنی دیکە تێدا بەشدار بن (ابراهیم، ۲۰۰۹:ل٥٦١-٥٦٢)

ڕەگەزەکانی(عناصر) پرۆسەی وانەوتنەوە:

۱-مامۆستا: مامۆستا بە بەردی بناغەی پرۆسەی پەروەدەیی، کۆڵەکەی هەموو چاکسازییەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی هەژماردەکرێ. بۆیە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نابێ ئەگەرهاتوو باشترین پرۆگرام و ئامادەکردن و چاکترین ناوەڕۆك بوونیان هەبێ بەڵام بە بێ بوونی مامۆستایەکی گونجاو و لێهاتوو، کە بە باشی ئامادەیان بکات و پەرەیان پێ بدات و بیانکات بە واقیع و ڕەفتاری و لێهاتووی، هەربۆیە پەیوەندی مامۆستا بە پرۆگرامەکان وەك پەیوەندی دادوەر وایە بە یاساوە، و سەبارەت بە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە ویستراوەکان، ئەوا ئەرکی قورسی بەدیهێنانی کەوتۆتە مامۆستا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕێگا و شێواز و شێوە وئامرازە فێرکارییە گونجاوەکان، و ڕەخساندنی بواری نوێی پەسەندکراوی خوێندن، کە فێرخوازانی لێی بەهرەمەند بن، و کەسایەتییان پەرە پێبدات لە سەرجەم بوارەکانی گەشەسەندنی عەقڵی و جەستەیی و ویژدانی وکۆمەڵایەتی ( الفتلاوی، ۲۰۰۸:ل۲۸).

۲-پرۆگرام: بێگومان ئامانجی سەرەکی لە خوێندن بریتییە لە گواستنەوەی وانە یاخود زانیارییەکان یان لێهاتووییەکان بۆ خوێندکاران، بە ئامانجی پەرەپێدانی کەسایەتیان، بۆ بەژداریکردن لە بوژانەوەی کۆمەڵگە لە ئایندەدا. بۆیە پێویستە بۆ گەیاندنی فێربوونی شتێکی نوێ بێت، یان پەرەپێدانی لێهاتوویی-بەهرە-و دڵنیابوون لەوەی کە فێربوون و تێگەیشتنی بۆ وەدەستهێنراوە، تا زیاتر ڕێگەی وانەوتنەوە گونجاوتربێت بۆ فێرخوازان گەیاندنی باشترە، بەوەی کاتی گونجاو و ئاست و شێواز و هۆکارەکان، و

بڕی وانەی داواکراو و جۆر و شیاوێتی خوێندن وردتر و تۆکمەتر و جێگیرترە و لەوپەڕی ئاست بەرزیدایە ( الجبوری والتمیمی، ٢٠١١:ل ٩-١٠).

٣-خوێندکار(فێرخواز): ئەوەی خوێندکار هەیەتی لە خەسڵەتە کەسی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکان، و ئەوەشی کە هەیەتی لە حەز و پاڵنەری خوێندن، هەموو ئەمانە لە بنەما و پرەنسیپەکانی وانەوتنەوەی سەرکەتوو هەژمار دەکرێن، هەربۆیە خوێندن و فێرکردن بە بێ خوێندکار بوونی نیە، و فێربوون بەدی نایەت بە بێ بوونی حەز و پاڵنەری فێربوون و خوێندنی خوێندکار ( کاڤم وێخرون، ٢٠١٩:ل٤٥-٤٦).

بەکارهێنانەکانی ئینتەرنێت لە پرۆسەی فێربوون(خوێندن) دا

هێڵی ئینتەرنێت بە یەکێك لەو تەکنەلۆجیانە هەژمار دەکرێ کە دەتوانرێ بەکاربهێنرێ بۆ پرۆسەی خوێندن، لەبەرئەوەی ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لە گۆڕانی ڕێگای وانەوتنەوەی باوی نێوچینی مامۆستا لەسەردەمی ئەمڕۆدا، بە دڵنیاییەوە سەدەی بیست وبەك دەبێتە سەدەی زانیارییەکان، بەوپێیەی کە بەرنامە نوێیەکانی خستنەڕووی زانیاری توانا و گرۆتێن دەبەخشێتە هۆڵە کلاسیکیەکانی خوێندن کە پێشتر ئەو تایبەتمەندییەی نەبووە ( الموسی، ٢٠٠٢: ل ١٧٠-١٧٧).

پەروەردەیاران خرمەتی ئەنتەرنێتیان لەبەکار هێنانی پرۆسەی وانە وتنەوە بەم شێوەیە پۆلێن کردوە:

١-گەڕان بە دوای ماڵپەڕ:

ئەمەش بەوە دەبێت کە بەرنامەی گەڕان وەگەڕبخرێ بۆ گەیشتن بە ماڵپەڕی داواکراو، بۆ وەدەستهێنانی سەرچاوەی ئەو زانیاریانەی کە دەکرێ سودیان هەبێ بۆ خوێندن وتوێژینەوەکەی.

٢-پۆستی ئەلیکترۆنی:

پۆستی ئەلیکترۆنی بە باشترین جێگرەوەی سەردەمیانە دادەنرێ بۆ گەیەنەرەکانی پۆستی کاغەزی و ئامێرەکانی فاکس، بۆیە ڕاهێنانی قوتابیان بۆ بەکارهێنانی پۆستی ئەلیکترۆنی بە هەنگاوی یەکەم دادەنرێت لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە پرۆسەی ئەلیکترۆنی، جا ناونیشانی پۆست لە چوار خاڵ پێکدێت کە بریتین لە:

کۆدی وڵات، بوار، دامەزراوە@ بەکارهێنەر ( سعادە و السرگاوی، ٢٠٠٢:ل ١٤٩).

شایەنی باسە دوو جۆر پۆستی ئەلیکترۆنی هەیە:

یەکەم: پۆستی ئەلیکترۆنی ئاسایی کە لە کاتی بەکارهێنانیدا پێویستمان بە بەرنامەیەکی پۆستی ئەلیکترۆنی هەیە وەك(Microsoft outlook)، ئەم جۆرە پۆستە ئەو فایلانە خەزن دەکات کە لە ڕێی دیسکی سەرەکی ئەو کۆمپیوتەرەدایە کە ئیشی لەسەر دەکەی.

دووەم: پۆستی ئەلیکترۆنی دانراو-جێگیرکراو- کە لەسەر ماڵپەڕی ئینتەرنێت دایە بە شێوەی پەڕەی ئینتەرنێت، و زۆرجار بەدەستهێنانی ئەم جۆرە پۆستە بەخۆڕاییە، و دەتوانرێ بێ ئەوەی پێویستی بە بەرنامەی پۆستی ئەلیکترۆنی بێت بەکاربهێنرێ، جا ئەو نامانەی کە لەم جۆرە پۆستەدا دەخوێنرێتەوە لە ماڵپەڕەکەدا بەدوای دەگەڕێ، و دواتریش دەتوانرێ لە هەر ئامێرێکی کۆمپیوتەری بەکاربهێنرێ، لە

( سویدان و مبارز، ٢٠٠٧: ل ٢٢١). (Hotmail, yahoo) نموونەی ئەم جۆرەیان بریتیە( .

بەکارهێنانەکانی ئینتەرنێت لە پرۆسەی خوێندندا:

ئینتەرنێت بە یەکێك لەو تەکنەلۆجیانە دادەنرێ کە دەتوانرێ لە خوێندنی گشتی و زانکۆ و باڵادا بەکاربهێنرێ، بۆیە لەئێستادا گرنگی خۆی هەیە کە پەروەردەکاران ئینتەرنێت بەکار بهێنن کە چەندین هەلیان بۆ دەڕەخسێنی بۆ گەیاندنی زانیاری لە مامۆستا بۆ خوێندکار بەشێوەی یەکسان بە ڕێگەیەکی-شێوەیەکی- چێژبەخش و ئاسان .

لێرەدا کۆمەڵێك لە بەکارهێنانەکانی ئینتەرنێت کە دەکرێ لە پرۆسەی خوێندندا بەکاربهێنرین وەك لەمانەی خوارەوە:

١-لە بواری پرۆگرامی خوێندندا:

-بەکارهێنانی ئینتەرنێت وەك هۆکاری یارمەتیدەر لە پرۆگرامەکاندا، بەوشێوەیەی کە پرۆگرامەکانی خوێندن لە پەڕەی سەربەخۆ دابنرێن لە ئینتەرنێت، و هەلی ئەوە بدرێتە خوێندنکار و سەرپەرشتیارەکەی لە ماڵەوە بتوانن بچنە نێو ئەو پەڕانەوە.

- بەکارهێنانی ئینتەرنێت وەك هۆکارێکی فێرکاری لە تاوتوێ کردنی پرۆگرامەکان و شرۆڤەکردنی بابەتێکی دیاریکراو.

٢-لە بواری وانەوتنەوەدا:

- بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە وەدەستهێنانی زانیاری ویستراو لە چەند ماڵپەڕێکدا.

- بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە بەهێزکردنی ڕێگا و شێوازەکانی تواناسازی فێربون و فێربوونی هەرەوەزی و حیوار-گفتوگۆ- و وتوێژ.

- بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە زیادکردنی متمانەی خوێندکار بە خود. بە گەشەپێدانی چەمکە ئەرێنییەکانی سەبارەت بە فێربوونی خودی.

- بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ ئاگاداربوون لە وانە نموونەییەکان.

٣- لە بواری ئاڵوگۆڕکردنەوەی زانیارییەکان:

بەکارهێنانی ئینتەرنێت وەك هۆکارێك بۆ توێژینەوە و ئاگاداربوون.

بەهەمانشێوە دەکرێ ئاماژە بە هەندێ لە گرنگترینی ئەو بەکارهێنانەی ئینتەرنێت بکرێ لە پرۆسەی فێرکردندا وەك لەمانەی کە دادێن (أمینە، ٢٠١٣:ل ٢٢-٢٣)

١-وانە وتنەوە بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت:

لەگەڵ پێشکەوتنی ئامرازەکانی دانانی پەڕە و ماڵپەڕەکان، وای کردووە کە مامۆستا دەتوانێ کۆمەڵە ماڵپەڕێك دابنێ کە لە ڕێگەیانەوە ڕێنمایی ئاراستەی خوێندکار بکات، بە هەمانشێوە دەتوانێت دەسەڵاتی هەبێ بەسەر ئەم ماڵپەڕانەوە و نوێیان بکاتەوە تا هاوکات بێ لەگەڵ گۆڕانکاری خێرا لە زانیارییەکانی ساڵی خوێندن ( سویدان ومبارزە، ٢٠٠٧:ل٢٢٧-٢٢٨).

٢-پۆستی ئەلیکترۆنی:

بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازە بەسوودەکانی بواری خوێندن دادەنرێ، کە تێیدا پرۆسەی پەیوەندی و گۆڕینەوەی نامە و زانیاری و فایلەکان ئاسانە لە نێوان مامۆستا و قوتابیانی و لە نێو خودی قوتابیانیشدا، کە قوتابیان دەتوانن لە دەرەوەی پۆلی خوێندنیشدا پەیوەندییان هەبێ و نامە بۆ مامۆستایان بنێرن بۆ پرسیارکردن بەدوای کۆمەڵێ بابەتی ناڕوون لە لایان، یاخود ئەو بابەتانەی تر کە پەیوەندییان بە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە هەیە، بە هەمانشێوە مامۆستا دەتوانێت باسێکی دیاریکراو ڕوون بکاتەوە یاخود ڕاڤەی بکات، و بینێرێ بۆ هەموو قوتابیانی لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنی کە یارمەتی ئەوەی دەدات بتوانێت پەیوەندی هەبێت لە گەڵ

قوتابیانی و بۆ هاوڕێیانیشی بە هەمانشێوە (سعادە و الصرگاوی، ٢٠٠٢:ل ١٤٩).

وانەتنەوەی زانکۆ: پرۆسەیەکە کە سروشتێکی ئاڵۆزی هەیە بەوپێیەی کاریگەرە بە کۆمەڵێك هۆکاری زۆر لەوانە ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بە مامۆستای زانکۆوە هەیە، لە ڕووی توانستی زانستی و ڕۆچوونی لە پسپۆڕیدا، و ئامادەکردنی مانای پەروەردەیی لە وانەوتنەوەی زانکۆدا، لەوانەش کە پەیوەندی بە خودی خوێندکاری زانکۆوە هەیە لە ڕووی خەسڵەتە کەسییەکان، و توانا و ویست و ئارەزووەکانی...هتد، هەروەها لەو هۆکارانەش پەیوەندییان بە سروشتی پرۆگرامەکان( بەرنامەکانی زانکۆ، و پلانی خوێندن و وانەوتنەوە لە زانکۆ لە ڕووی: سروشت، و ئامانج، و ناوەڕۆك، و هەڵسەنگاندن، و پێویستیەکاتی تر، و بەتایبەت ڕادەی شیاوی و گونجاوی لەمەڕ گرنگی پێدانی قوتابی و پێداویستییەکانی ( زیتون، ١٩٩٥:ل ٢٠).

ئەرك و ڕۆڵەکانی مامۆستای زانکۆ:

لەگەڵ ئەوەدا گرنگی پێدانی یەکەم جەخت لەسەر ڕۆڵی فێرکردن دەکاتەوە، کە گرنگیدان و ڕێزلێنانی هەیە لە ڕووی خشتەی کار و خەلاتەکانی وانەوتنەوە، و توێژینەوەی زانستی وازلێهێنراوە بۆ گرنگی پێدانە کەسییەکانی مامۆستا و پاڵنەرە سەرەکییەکانی پلە بەرزی بۆ وەدەستهێنانی پلەیەکی ئیش وکاری، هەروەها لەمەڕ ئیشی بواری خزمەتکردنی کۆمەڵگە ئەوا زیاتر لاوەکییە، یاخود ڕەمزییە یان لەسەر شێوازی کاری خێرخوازی یان لەبری پێدانی پارە ( قمبز، ٢٠٠٦:ل ١٩٨).

ئەوەی لەسەر شانی مامۆستایە بە تەواوی بریتیە لە بەدیهێنانی ڕۆڵی ئەکادیمی، و پاشان پاڵفتەکردن و هەڵبژاردنو ئامادەکردنی بابەتی گرنگ لەوەی کە پێویستی پێیەتی لە خەسڵەت و لێهاتوویی و تواناکان، کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانێت ئەرکەکەی جێبەجێ بکات. زۆربەی دەوڵەتان ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لەسەر بنەمای لێهاتوویی لە توێژینەوەی زانستی دیاری دەکەن، و زۆرێك لە دەوڵەتان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە دەبێ بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت بۆ ئەرکی مامۆستایەتی لە زانکۆ، بەڵام هەندێکیان ئەوەشی بۆ زیاد دەکەن کە دەبێت لە دکتۆراش باڵاتری هەبێت، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان هەڵیاندەبژێرن لە ڕوانگەی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی پێش دامەزراندنی لەو پۆستەدا ( البرعی، ٢٠٠٢:ل ٣٤١).

-پێکهاتەکانی ئاڕاستە:

١-ئاڕاستەی ڕەفتاری:

جەخت دەخاتە سەر ڕۆڵی هەریەك لە ورژێنەری مەرجی و ورژێنەری سروشتی لەسەر توانستی ڕوودانی ڕەفتارە ئەرێنییەکان لە بڕی ڕەفتارە نەرێنییەکان، ئەمەش لە ڕێگەی بەهێزکردن و یارمەتیدانی هەڵوێستە ئەرێنییەکانەوە کە لە لایەن تاکەوە دەردەچن.

٢-ئاڕاستەی مەعریفی ( زانیاری):

هەڵگران و شوێنکەوتووانی ئەم ئاڕاستەیە وای دەبینن کە ڕێکخستنی مەعریفی و بونیادی مەعریفی و جەخت خستنە سەر گەشەی مەعریفی خوێندکاران، لە بابەتە بنەڕەتییەکانی پێکهێنانی ئاراستە ئەرێنییەکانن ( الحسناوی، ٢٠١٩:ل ٧١-٧٢).

٣-ئاڕاستەی ویژدانی:

بریتییە لە هەستێکی گشتی لە لایەن تاکەوە دەربارەی شتێك یاخود کەسێك، و کاریگەری هەیە لەسەر وەرگرتنی شت و کەسەکە یاخود ڕەتکردنەوەی بە هەمانشێوە. جا گرنگ نییە ئەم پێکهاتە سۆزدارییە لۆژیکی بێت، بۆ نموونە دەبینێ خوێندکارێك هەست بەوە دەکات کە وانەی بیرکاری بەلاوە پەسەند و خۆشەویستە و دەست دەکات بە خوێندنەوە و شارەزابوونی، بێ ئەوەی هۆکاری قایلکراوی هەبێ سەبارەت بەو حەز و خۆشەویستیەی بۆ وانەکە ( الحیلە، ٢٠٠١:ل ٣٦٧).

هۆکارە کاریگەرییەکانی پێکهێنانی ئاراستە:

١-هۆکارە شارستانییەکان: ئەمانەش زۆر و جۆراوجۆرن، نموونەی ئەمانە وەك: مزگەوت و قوتابخانە و ئەو ناوچەیەی کە تاك تێیدا دەژی، لەگەڵ شوێنی ئیش و کارەکەی.

٢-خێزان: منداڵە لە سەرەتای ژیانیدا کاریگەرە بە ئاراستەکانی دایك و باوك و ئەندامانی خێزانەکەی، سەبارەت بە بابەتانێکی دیاریکراو یاخود کەسانێکی دیاریکراو یان کۆمەڵە کارێکی دیاریکراو، کە ئەم ئاڕاستانە یاخود هەندێکیان بەدەست ئەهێنێ ئەوەش لە ڕێگەی لاسایی کردنەوە و فێربوون.

٣-خودی تاك: پەروەردەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پێکهێنانی کەسایەتی تاك و تایبەتمەندی بوونی لە کەسانی تر، لە ڕێی ئەوەی بەدەستیان ئەهێنێ لە حەز و ئاڕاستەکان.

٤-ئەزموونی هەڵچوونی لە ئەنجامی هەڵوێستێکی دیاریکراو: ئەم ئەزموونە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پێکهێنانی ئاراستە چ بە ئەرێنی یاخود بە نەرێنی.

٥-ڕەزامەندی و خۆشەویستی کەسانی تر ( دەوروبەر): بۆ نموونە ئەو کەسەی کە یاری تۆپێ پێ یاخود یاخود تۆپی دەست یاخو باسکە دەکات، وابەستەیە کە بە یاساکانی ئەو یارییە بە شێوەیەك کە ڕەزامەندی هاوڕێیانی بەدەست ئەهێنێ، جا بەم هۆیەوە کۆمەڵە ئاڕاستەیەکی لا پەسەند دەبێت کە خۆیان لەوە دەبیننەوە بەوەی وای لێدێت سوربێت لەسەر وابەستەبوونی بە ئاداب-یاسا -کانی یاریەکە ( الزبود و اخرون، ١٩٩٩ :ل ١١٥).

مەرجەکانی پێکهێنانی ئاڕاستە (مەرجە پێکهێنەکانی ئاڕاستە):

یەکەم: ڕوونی ئەزموون:

بەدڵنیاییەوە ئەو ئەزموونانەی هەستیاری ڕوونن بە شێوەیەکی بەرفراوان بەژدارن لە پێکهێنانی ئاراستە دەروونییەکان دەربارەی دیاردەیەکی دیاریکراو، چ ئەرێنی بن یاخود نەرێنی، چونکە کاریگەری گەورەی دەبێتە سەر ناخی مرۆڤ، و دەسەڵاتی هەیە بەسەر ڕەفتارەکانی لەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتیە جیاوازانەی کە پەیوەندییان بەم دیاردەوە هەیە.

دووەم: دووبارەبوونەوەی ئەزموونی:

ئەوەی کە توشی مرۆڤ دەبێت لە ئەزموونەکانی-پسپۆڕییەکانی- تایبەت بە دیاردەیەکی دیاریکراو، هەرچەندە دڵخۆشکەر بێت یاخود دڵتەنگ بۆ جارێك ڕوو بدا لە ژیانی، یاخود چەند جارێك ڕوودات، بە هیچ شێوەیەك ناکرێت پشتی پێ ببەسترێ بۆ پێکهێنانی ئاڕاستەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم دیاردەیە، چونك ئەم پسپۆڕییانە دیاریکراو و بەرتەسکن بەس نین بۆ تاقیکردنەوە و دیاریکردنی باشترینی نێوانیان، هەربۆیە پێویستە ئەزموونەکان دووبارە ببنەوە بە پێی چەند ماوەیەکی سەردەمی نزیك لە یەك، تاوەکو ئاراستە پێك بهێنێ لە ڕوانگەی سێ قۆناغەکەوە.

سێیەم: ڕێکوپێکیی تەواوکاری ئەزموون:

ئەوەی کە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت لە ئەزموونەکان دڵخۆشکەر بن یاخود ئازاربەخش، لە ئەنجامی چالاکیەتی لەگەڵ کەسانی تر لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی کە پەیوەستە بە دیاردەیەکی دیاریکراو، ناکرێ پشتی پێ ببەسترێ لەوەی گشتگیر بکرێ بۆ سەرجەم دۆخە جیاوازەکانی تر، هەرچەندە ئەگەرهاتوو پەیوەست بە خودی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازانە بێت کە پێیاندا تێپەڕ دەبێ و پەیوەستە بە دیاردەیەکی دیاریکراو، هەتاوەکو ئەوەی ئاڕاستە بە شێوەیەکی ئەرێنی یاخود نەرێنی پێك بهێنرێ (عمر ،١٩٩٠:ل٢١٢-٢١٣) .

چوارەم: جیاوازیی ئەزموون:

هەر ئاڕاستەیەکی دەروونی تاك دەربارەی دیاردەیەك، جیاوازە لە ڕوانگەی دەروونی ئەو بۆ دیاردەیەکی تر، و لە سەرجەم خەسڵەتەکانیدا لەگەڵێ جیاوازە، جا دەکرێ مرۆڤ ئاڕاستەیەکی ئەرێنی هەبێ دەربارەی دیاردەیەکی دیاریکراو، لە هەمانکاتدا ئاڕاستەیەکی نەرێنی بێت بۆ دیاردەیەکی تر لە هەمان ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی.

پێنجەم: گواستنەوەی ئەزموون:

ئاڕاستەی دەروونی لای تاك دەربارەی دیاردەیەکی ناو کۆمەڵگە ئەسیر=دیل-ە لە عەقڵیدا، چونکە هیچ سوودی نیە گەرهاتوو لە سنوری خاوەنەکەی تێنەپەڕێ، کە دواتر هیچ گۆڕانکارییەك لەم دیاردەیە روو نادات، چونکە لەوە لاوازترە کە بتوانێت جوڵە بخاتە نێوانیان، بەدڵنیاییەوە هێزی ئاراستەی دەروونی بۆ دیاردەیەك، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە نێو خەڵکیدا دەگوازرێتەوە و بەربڵاو دەبێتەوە لەسەر سەرجەم ئاستە مرۆییەکاندا ( محمد، ٢٠١٠:ل ٤١).

ئەرکەکانی ئاڕاستە:

ئاڕاستە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کۆمەڵە ئەرکێکی هەمەجۆر لە ژیانی تاکدا، کە یارمەتی دەدات لەسەر چۆنێتی ژیان لە سەردەمەکەی لە رووی عورف و سیستەم، و دامەزراوەکانی، و هەلی رەخساندنی ئەوەی پێ بدرێت کە گوزارشت لەسەر خودی خۆی بکات.

١-ئەرکی چۆنێتی: کە یارمەتی ئاڕاستەکان دەدات بۆ وەدەستهێنانی زۆرێك لە ئامانجەکانی کەسەکە، بەهێزی دەکات بۆ خۆگونجاندن دەربارەی هەڵوێستە نوێیەکاندا.

٢-ئەرکی رێکخراوەیی: کەسەکە کۆمەڵێ پێوەر و سەرچاوەی وەدەست دەهێنێ بۆ رێکخستنی ئەزموون و زانیارییەکانی .

٣-ئەرکی بەرگری: بەو پێیەی تاك کاتێ لە دایك دەبێت کۆمەڵێ ئاراستەی نوێی هەیە لە گەڵی، کە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی ئەرکێکی بەرگری لە خود لەکاتی روودانی گۆڕانکاری لە ژینگەدا ( الکبیسی، الداهری، ١٩٩٩:ل ١٢١-١٢٢).

٤-ئەرکی لێکۆڵینەوەی خود: تاك بە سروشتی خۆی کۆمەڵێك ئاڕاستە وەردەگرێ کە رەفتارەکانی ئاراستە دەکەن و هەلی ئەوەی بۆ دەرەخسێنێ گوزارشت لە خودی خۆی بکا، و کەسایەتی دیاری بکا لەگەڵ پایەی لە نێو ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی( الزعلول، المحامید، ٢٠٠٧: ل ١٩٠).

پێوەری ئاڕاستەکان: پێوەری ئاراستەکان ئەوە دەخوازێت کە تاك وەڵامی زنجیرەیەك لە برگە و دەستەواژەکان بداتەوە، توێژەر یەکێك لە ڕێگەکانی پێوەری ئاڕاستەکان وهەڵدەبژێرێ بۆ بابەتێك بۆ هەر وەڵامدانەوەیەك بەهایەکی دیاریکراو دابنێ، و نمرەی بەرزیش بەڵگەیە بۆ ئاڕاستەی گشتی ئەرێنی، و نمرەی "سالب"یش ئاماژەیە بۆ ئاڕاستەی گشتی نەرێنی.

بەناوبانگترین رێگەکانی پێوەری ئاڕاستەکان:

١-پێوانکاری لیکیرت: ئەم پێوانکارە لە چەند برکەو پرسیارێك دەربارەی (دیاردە یان کەس یان نەتەوە یان بابەتێك ) پێکدێت لە بەرامبەر هەر برگەو پرسیارێك چەند وەڵامێك هەیەو داوا لەکەس تێست بۆ کراو دەکرێت کە نیشانەی (√) لە بەردەم یەکێك لە ئەو وەڵامانە دابنێ کە لەگەل راو بۆچوونەکانی دەگونجێت .ژمارەی وەڵامەکان بەپێی تەمەن و ئاستی رۆشنبیری تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەگۆرێن ، واتا ئەگەر تاکەکان تەمەنیان بچووك بوو وە ئاستی رۆشنبیریشیان نزم یان مامناوەندی بوو ، ئەوە باشتروایە کەژمارەی وەڵامەکان (٣) دانە بن ( رازیم ،راوبۆچوونم نیە ،نارازیم ) ،بەڵم ئەگەر تاکەکان تەمەنیان گەورە بوو وە ئاستی رۆشنبیرشیان بەرزبوو ،ئەوە باشتر وایە ژمارەی وەڵامەکان (٥) دانەهـ بن (زۆر رازیم ، رازیم ، بێ لایەنم ،نارازیم ،زۆر نارازیم ) (قەرەچەتانی، ٢٠١٨:ل ٢٢٠)

٢-رێگەی ترستۆن: ئەم رێگەیە هەڵدەستێ بە بەراوردی نێوان دوو شتی وروژێنەر یاخود دوو شتی ئاسایی بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە بزانرێ کامەیان بەهێز و پەسەند و باشترە، جا لەم رێگەیەدا ئەوەی کە لەوی تر باشترە هێمای (+١) بۆ دادەنرێ و بۆ ئەوەی تر (-١) بۆ دادەنرێت، بەڵام لە حاڵەتی بەروادری نێوان خودی شتێکدا ئەوا هێمای (-) بۆ دانانرێ، و نمرەی تاك لەم پێوەرەدا بریتییە لە نمرەی ناوەند بۆ ئەو رستانەی کە هەڵیان دەبژێرێ ( الصیفی، ٢٠١٥:ل١٧).

٣-رێگەی بودگارس: ئامانجی ئەم رێگەیە پێوانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کەس و کۆمەڵەکان، وناسینی دۆخی وەرگرتنیانە بۆ نەتەوەکانی تر، راستەی داناوە بۆ وەرگرتنی کۆمەڵایەتی، لە حەوت برگە پێك دێت، کە برگەی یەکەم ئەوپەڕی دۆخی وەرگرتن لەخۆ دەگرێ، و بە پێچەوانەشەوە برگەی حەوتەم ئەوپەڕی رەتکردنەوە لەخۆ دەگرێ. ( الکبیسی والداهری، ١٩٩٩ :ل ١٢٣-١٢٤).

گرنگی پرۆسەی پێوەری ئاڕاستەکان:

تۆکمەیی ئەم گرنگییە لە ڕێی پراکتیزەکردنی پرۆسەی ( الانفگاو) و بەهێزکردن بۆ رەفتاری کەسەکان لە بوارێکی دیاریکراو بە پێی ویستی هەڵسوڕاوانی ئەم پرۆسەیە، لێرەدا کۆمەڵێك هەڵێنجاندنی روون هەن بۆ گرنگی پرۆسەی پێوەری ئاڕاستەکان ئەوانیش بریتین لە:

١-توانای پرۆسەی پێوەری ئاڕاستەکان بۆ پێشبینی بە رەفتار.

٢- توانای پرۆسەی پێوەری ئاراستەکان بۆ لێکۆڵینەوەی رادەی راستی توێژینەوە تیۆرییەکان.

٣-سودە کردەییەکانی پێوەری ئاڕاستەکان خزمەتی بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و پیشەسازی و راگەیاندنی و چەندین لایەنی دیکەش دەکات ( کمال، ٢٠٠٦:ل ١٧٧).

جۆری ئاڕاستەکان:

١-ئاڕاستە کۆمەڵی و تاکەکەسییەکان: ئاڕاستە کۆمەڵییەکان ئەوانەن کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکان تیایاندا بەژدارن لە کەس و کۆمەڵگەکان، و ئاڕاستە تاکەکەسییەکان ئەوانەن کە تاکەکەسین، واتە کەسێك لە کەسێکی ترەوە جیا دەکەنەوە.

٢-ئاڕاسته هەستی و نەستییەکان: ئاڕاستەی هەستی ئەوەیە کە تاك بەبێ خۆپارێزی و نارەحەتی دەری دەبڕێ، و ئەم ئاڕاستەیە زۆر جار لەگەڵ پێوەر و بەها ڕەوشتی-ڕەفتاری-یەکانی کۆمەڵدایە.

ئاڕاستەی نەستی ئەو ئاڕاستەیە کە تاك دەیشارێتەوە و دەرینابڕێ، و زۆرجار لەگەڵ پێوەر و بەهاکانی کۆمەڵ یەکناگرێتەوە.

٣-ئاڕاسته گشتی و ئاڕاسته تایبەتییەکان: ئاڕاسته گشتییەکان ئەوانەی سیفەتی گشتێتیان هەیە و بەربڵاو دەبێتەوە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگە، بەڵام ئاراسته تایبەتییەکان ئەوانەن کە تایبەتن لە خودی تاکەنەوە بەرجەسته دەبن.

٤-ئاڕاسته موجەب و ئاڕاسته سالبەکان: ئاڕاسته موجبەکان ئەوانەن کە هاوڕا و پاڵپشی تاك دەبن، و ئاڕاسته سالبەکان ئەوانەن کە دژی تاکن و هاوڕا نین لەگەڵی.

٥-ئاڕاسته بەهێزەکان و ئاراسته لاوازەکان: ئاراسته بەهێزەکان ئەوانەن کە تێپەڕبوونی کات هەر بەهێزی دەمێننەوە، لە ئەنجامی دەستگرتوویی تاك بە بەهاکانی خۆی، ئاراسته لاوازەکانیش ئەو ئاڕاستانەن کە بە ئاسانی دەتوانرێ دەستبەرداریان بێ، و شایەنی گۆڕان و ئاڵوگۆڕن لە ژێر نارەحەتی دۆخ و دژوارییەکان(عماشە، ٢٠١٥:ل ٢٣-٢٤).

١- گرنگی خوێندنی ئەلیکترۆنی:

خوێندنی ئەلیکترۆنی بە پێویستیەکی هەنووکەیی تەواوی کۆمەڵگاکان (پێشکەوتوو و دواکەوتوو) دادەنرێت، بەتایبەتی لە سایەی گۆڕانکاریە خێراکان و لێکەوتەکانی، ئەم جۆرەی خوێندنە هەل و خزمەتگوزاری فێرکاری وا پێشکەش دەکات کە بەسەر ئاستەنگەکانی خوێندنی باو (ئاسایی)سەربکەوێت (عبدالحی، ٢٠٠٥:ل ١٢٢).

لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە یارمەتیدەرن لە زیاتر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای خوێندنی ئەلیکترۆنی لە جیهاندا:

•بەردەوام بوونی پێویستی هەمیشەیی بۆ فێرکردن و ڕاهێنان بەهۆی بەرەوپێشچوون، لە لایەنە جیاوازەکانی زانیارییەوە.

• پێویستیی فێرکردن و ڕاهێنان لە کات و ساتی گونجاو بۆ فێرخواز.

•خوێندنی ئەلیکترۆنی بە یەکێك لە شێوازە نوێکان دادەنرێت لە بواری فێرکردن و ڕاهێنان، لە کۆمپانیا گەورەکانی وەك: ئارامکۆی سعودی و ئای بی ئێم و سیسکۆ، ئەم شێوازەیان بەکارهێناوە و بڕە پارەیەکی زۆریان بۆ گەڕاوەتەوە (العواودە ، ٢٠١٤:ل ١٣).

٢- ئامانجەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی:

١-دەوڵەمەندکردنی خوێندکاران و مامۆستایان بە ئەهاتوویە پێویستیەکانی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ تەکنەلۆجیا لە بواری پرۆسەی وانەوتنەوەدا.

٢-دروستکردنی کەشێکی فێرکردنی پەروەردەیی کاریگەر، بە بەکارهێنانی نێوەندگیرە ئەلیکترۆنییەکان، ئەمەش لە چەند لایەنێکی جیاوازەوە.

٣-پێدانی ڕۆڵی نوێ بە هەریەك لە مامۆستا و فێرخواز، و کارگێڕیش یارمەتیدەر دەبێت بۆ پلە بەرزی لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن، لەگەڵیدا دەبێت بۆ گەشەسەندنی زانستیی تەکەنەلۆجیایی بەردەوام وخێرا (ابراهیم، ٢٠٠٩:ل ٤٣٤).

٤-دابینکردنی فێربوونی پابەندبوو لەسەر پێداویستیەکان و دابینکردنی فێربوونی خودی و بەردەوام.

٥-داپۆشینی کەمیی ژمارەی مامۆستایان و پسپۆڕان، هەروەها داپۆشینی کەمیی لە کارگەکان و کەموکورتی ئامادەکردنی.

٦-یارمەتیدان لەسەر گەیاندن و کرانەوە لەگەڵ دەوروبەر (کنعان، ٢٠٠٨:ل ٤).

٣- سوودەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی:

١-ئەم جۆرە خوێندنە بە یارمەتیدەرێکی گەورە بۆ خوێندنی ئاسایی دادەنرێت، دەتوانرێت ئەم شێوازە لەگەڵ وانەوتنەوەی باو تێهەڵکێش بکرێت و دەبێتەی پاڵپشتیەك بۆی، لەم کاتەدا مامۆستا خوێندکارەکان سەرپشك دەکات بۆ هەندێك لە چالاکی یان ئەرکەکان، بە پشتبەستن بە هۆکارە –ئامرازە-ئەلیکترۆنییەکان.

٢-هەندێك پێیان وایە ئەم جۆرە خوێندنە گونجاوە بۆ گەورەکان کە سەرقاڵی ئەرك و کارن و سروشتی کارەکانیان ڕێگایان پێنادات لە هۆڵەکانی خوێندن ئامادەبن.

٣-بە ڕوانین بۆ سروشتی ئافرەتی مسوڵمان و کاروباری ماڵەوەی، توێژەر پێی وایە کە ئەم جۆرە خوێندنە دەرفەتێکە بۆ بە ڕۆشنبیرکردنی ژنانی ماڵەوە، ئەوانەی کە سەرپەرشتی ماڵ و پەروەردەی منداڵەکانیان دەکەن (المحیسن، ٢٠٠٢:ل ٥-٦).

٤-خوێندنی ئەلیکترۆنی ڕۆشنبیریەکی نوێ دێنێتە ئاراوە، ئەویش ڕۆشنبیری ژمارەییە کە تیشك دەخاتە سەر چارەسەرکردنی زانین، لەم ڕۆشنبیریەدا فێرخواز دەتوانێت کۆنترۆڵی فێرکردنەکەی بکات، لە ڕێگەی دروستکردنی دنیایەکی تایبەت بە خۆی، کاتێك هەڵسوکەوت لەگەڵ ژینگە ئەلیکترۆنیەکانی تر دەکات، کە ئەمەش گونجاوە لەگەڵ تیۆری فێرکردنی بونیادی.

٥-خوێندنی ئەلیکترۆنی یارمەتیدەرە بۆ بەدەستخستنی هەلی فێرکردن بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا.

٦-دەستەبەرکردنی خوێندن لە هەر کات و شوێنێکدا، و بەپێی توانای فێرخواز بۆ بەدەستهێنانی.

٧- بەشداریکردن لە گەشەپێدانی بیرکردنەوە و خێراکردنی کرداری فێرکردن.

٨- یارمەتیدان لە کەمکردنەوەی تێچووی فێرکردن.

٩-یارمەتیدانی خوێندکار بۆ سەربەستبوون و هانی دەدات بۆ پشتبەستن بە خۆی (سالم، ٢٠٠٤:ل ٢٩٥).

ئاستەنگەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی:

١-جەخت خستنە سەر لایەنی مەعریفی لەپرۆسەی خوێندن زیاتر لە لایەنی لێهاتوویی و ویژدانی.

٢-گرانیی چالاکی دەستەیی نێوان خوێندکاران، هەروەها چالاکیی دەستەییان لەگەڵ مامۆستادا.

٣-پەرەپێدانی دەرەئەنجامەکانی کەسێتی گۆشەگیری-انگوائی- لای خوێندکاران، بەهۆی نەبوونیان لە دۆخی خوێندنی کردەیی، کە ڕووبەڕوونەوەی بەرامبەری تیابێت، بەڵکو لە چەند شوێنێکی جیاوازن، بەوپێیەی خوێندکار بە تەنیا خۆیەتی لە ماڵەوە یاخود لە سەر ئیشەکەی.

٤-جەخت سەر هەردوو هەستی بینین و بیستن زیاتر لە هەستەکانی تری وەم: دەست لێدان و بۆن کردن، کە دەبێتە هۆی ناتەواوییەکی زۆر لە لێکۆڵینەوە کردەیی و جێبەجێکارییەکاندا.

٥-دژواریی پێگەیاندنی مامۆستا لە رووی پەروەدەییەوە.

٦-دژواریی هەستان بە چالاکیە بەکۆمەڵ و وەرزشی و رۆشنبیرییەکان، کە هاوەدەمی چالاکییە کردەییەکانن، ئەمەش کاریگەری لەسەر کەسێتی خوێندکار دەبێت.

٧-دژواریی جێبەجێکردنی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن.

٨-هێشتا زۆرێك لە خوێندکاران گرنگی بەوە دەدەن-بەباشی دەزانن-کە رێگای ئاسایی خوێندن بەکاربهێنن لە چوونە نێو هۆڵی وانەکان و چاودێرێکردنی وانە لە کتێبی دیاریکراوی قوتابخانە، لەبری پشت بەستنی تەواو بە تەکنەلۆجیای نوێ، ئەمەش هەندێك دڵەڕاوکێ و بێزاربیان بۆ دروست دەکات، چونکە دانیشتن لەبەردەم کۆمپیوتەر بۆ ماوەی زۆر ماندووکەرە بۆ هەندێك لە خوێندکاران ( الشهری، ٢٠٠٢:ل ٤١)، ( عامر، ٢٠٠٧:ل ١٧٧).

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:

لێکۆڵینەوەکانی پێشوو پێداویستیەکی گرنگە بۆ توێژەر لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دا سوود لێ وەرگرتن بۆ ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵەر هەوڵیداوە تازەترین لێکۆڵینەوەکان وەربگرێت بەتایبەت بە هەردوو گۆڕاوی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە، لەخوارەوە تازەترین ئەولێکۆڵینەوانە خراوەتە روو کە لێکۆڵەر دەستی پی ڕاگەشتووە:

یەکەم: لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە پرۆسەی وانە گوتنەوە لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە لە روانگەی ماموستا و خوێندکار:

١- لێکۆڵینەوەی (العجلونی، ٢٠١٣):

به ناونیشانی (لێکەوتەکانی خوێندن لە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لەلایەن خوێندکاری زانکۆی العربیه المفتوح -لقی ئوردن). ئامانجی لێکۆڵینەوەکە زانینی لێکەوتەکانی خوێندن لە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لەلایەن خوێندکاری زانکۆی العربیه المفتوح -لقی ئوردن . کۆمەڵگەی توێژینەوە خوێندکاری زانکۆی العربیه المفتوح -لقی ئوردن ، نمونەی توێژینەوە کەی بریتی بوو لە (٢٣٠٠) خوێندکار " کوڕ و کچ" وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) ،بۆ هەریەك لەپسپۆری (تەکنەلۆژیاو زانیاری ، زمانی ئینگلیزی ، کارگیری و کار ، پەروەردە ) ، هەروەها فۆرمی راپرسی دابەش کرابەسەر کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە لەرێگەی سایتی کارگێری تایبەت بە زانکۆ بەشێوەی ئەلیکترۆنی (٧٨٧)راپرس وەڵام دراودەست کەوت لەخوێندکاری زانکۆ لەو چواربەشە. کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان(هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ، ناوەندە ژمێری، ڕێژەی سەدی، لادانی پێوەری).

لەگرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لێکەوتەکانی خوێندن لە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت پلەیەکی بەرزە لە کۆلێژی زانکۆ ، هەروەها جیاوازی واتاداری ئاماری نیە لە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت گۆڕاوی رەگەز ، جیاوازی واتاداری ئاماری هەیە لە لێکەوتەکانی خوێندن لە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت گۆڕاوی لە پسپۆری خوێندکار. (العلجونی، ٢٠١٣)

٢- لێکۆڵینەوەی (ابو شخیدام واخرون، ٢٠٢٠):

بە ناونیشانی (کاریگەری خوێندنی ئەلیکترۆنی لەژێر ڕۆشنای بڵاوبوونی ڤایروسی کورونا لەڕوانگەی مامۆستیانی زانکۆی فەڵەستین).

لە فەڵەستین ئامانجی لێکۆڵینەوەکە زانینی کاریگەری خوێندنی ئەلیکترۆنی لەژێر رۆشنای بڵاوبوونی ڤایروسی کورونا لەروانگەی مامۆستای زانکۆی فەڵەستین . لێکۆڵەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە ، نمونەی توێژینەوە کەی بریتی بوو لە (٥٠) مامۆستا لە زانکۆی ناوبراوەو مامۆستایانە کە لە کاتی بڵاو بوونی ڤایروسی کورونا وانە یان وتوەتەوە بە سستمی ئەلیکترۆنی. کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان(ئیس بئس ئس)ی بەکارهێنا بۆ چارەسەری ئاماری زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەکەو تایبەت بە دەرئەنجامەکان (ناوەندە ژمێری، لادانی پێوەری). ئەنجامی توێژینەوە کە نرخاندنی نمونەی توێژینەوە کاریگەری خوێندنی ئەلیکترۆنی لەژێر ڕۆشنای بڵاوبوونی ڤایروسی کورونا لەڕوانگەی مامۆستایان مام ناوەندە، هەروەها لە نرخاندنی برگەی بەردەوامی خوێندنی ئەلیکترۆنی وبرگەی کەم و کورتی بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی کارلێکردن مامۆستا لە خوێندنی ئەلیکترۆنی مام ناوەندە (ابو شخیدام واخرون، ٢٠٢٠).

دووەم : لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە ئاراستەی مامۆستا و خوێندکار دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی

- لێکۆڵینەوەی (العبودی: ٢٠١٤)١

بە ناونیشانی (ئاڕاستەی خوێندکاری زانکۆی بەغداد دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی).

زانکۆی بەغداد لە عیراق ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی زانینی ئاڕاستەی خوێندکارە دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی، و زانینی جیاوازی لە نێوان تاکی سامپڵی توێژینەوە بە پێی (کوڕ-کچ)، و زانینی جیاوازی لە نێوان بەشە " زانستی-زانستە مرۆڤایەتیەکان"، و نمونەی لێکۆڵینەوە کەی بریتی بوو لە (١٥٠) خوێندکارە لە کۆلێژی زانکۆی بەغداد لە کوڕ و کچ بەشە " زانستی، زانستە مرۆڤایەتیەکان"(مجمع الجادریه). توێژەر ئامرازی پێوانەکار بەکاردەهێنێت لە ئاراستەی خوێندکار دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی. کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان(( ئیس پی ئس ئس))ی بەکارهێنا بۆ چارەسەری ئاماری زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەکەو تایبەت بە دەرئەنجامەکان (هاوکۆڵکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن ، تێستی تائ، ناوەندە ژمێری، لادانی پێوەری)، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و نمونەی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی ئاراستەی پۆزەتیڤە دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی، هەروەها لە ئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی هەیە لە نێوان خوێندکاری کوڕ و کچ، گونجاوە بۆ کوڕ، هەروەها لە ئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی واتاداری ئاماری نیە لە ئاراستەی خوێندکار دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی بە پێی بەشە " زانستی-زانستە مرۆڤایەتیەکان" ( العبودی، ٢٠١٤).

٢- لێکۆڵینەوەی (الشریف، ٢٠١٦):

بە ناونیشانی (ئاڕاستەی خوێندکارانی زانکۆی شەقراْ دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی)

زانکۆی شەقراْ لە سعودیا ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی زانینی ئاڕاستەی خوێندکارانی زانکۆی شەقرایە دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی، نمونەی لێکۆڵینەوە کەی بریتی بوو لە (٣٦٦) خوێندکاری زانکۆی ناوبراو، بۆ بەدەستهێنانی ئامانج.لێکۆڵەر لە لێکۆڵینەوەکەدا میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، پێوانکاری بۆ پێوانەی ئاراستەی دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی پێکهاتووە لە (٢٨) برگە. کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان()ی بەکارهێنا بۆ چارەسەری ئاماری زانیارییەکانی

توێژینەوەکەو تایبەت بە دەرئەنجامەکان (هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ، هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن ، تێستی تائی ،ناوەندە ژمێری، لادانی پێوەری).

له گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەئاراستەی خوێندکاران دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی ئەرێنیە، جیاوازی واتاداری ئاماری نیە لە وەڵامدانەوەی خوێندکار دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە گۆڕاوی لە بەشەکانی ( زانستی، زانستە مرۆڤایەتیەکان)، جیاوازی هەیە لە ئاستی (%٥) لە وەڵامدانەوەی خوێندکار دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی بۆ گۆڕاوی رەگەز ( نێر و مێ) گونجاوە بۆ کچ (الشريف، ٢٠١٦).

٣- لێکۆڵینەوەکەی (الشهری، ٢٠١٩):

بە ناونیشانی (ئاڕاستەی مامۆستانی زانکۆی الملك خالید- دەربارەی بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە بابەتی بیرکاری).

زانکۆی الملك خالید لە سعودیا ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی ئاڕاستەی مامۆستایانی بەشی بیرکاری لە زانکۆی پاشا خالید بووە، دەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە بابەتی بیرکاری خوێندکارانی " کوڕ و کچ" لە قۆناغی بەکالۆریۆس، پاشان زانینی کاریگەری لەسەر رەگەز و پلەی زانستی و ژمارەی ساڵانی خوێندن لەسەر ئاڕاستەی سامپڵەکە. نمونەی لێکۆڵینەوەکەی بریتی بوو لە (٤٢) مامۆستا کە " ٢٤ نێر، و ١٨ مێ" بووە لە بەشی بیرکاری لە زانکۆی مەلیك خالید لە شاری " ئەبها" ی سعودیە. تاقیکردنەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەنجام دراوە، لێکۆڵەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکە و وەڵامدانەوەی پرسیار، و بەکارهێنانی پێوەر ئاڕاستەکان لە لێکۆڵینەوەدا، لێکۆڵەر " ٢٧"بڕگەی ئامادە کردووە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا جیاوازی واتاداری ئاماری هەیە لە ئاڕاستەکان، گونجاندنی ناوەند لە ئاستێکی بەرز لە نمونەی لێکۆڵینەوەدا لە بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی، لە بابەتی )بیرکاری جیاوازی واتاداری ئاماری نیە لە ئاستی a=0.05) سەبارەت بە گۆڕاو و رەگەز، وا دەردەکەوێ جیاوازی ئاماری هەیە لە ئاستی( سەبارەت بە گۆڕاوی ژمارەی ساڵانی خوێندن و پلەی زانستی (الشهری، ٢٠١٩). (a=0.05)

### دەرئەنجامەکان:

ئەو دەرئەنجامانەی لە میانەی لێکۆڵینەوەکەوە دەرکەوت ئەمانەن:

١.بەشێوەیەکی گشتی بوارەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش بە بەراوردکردنی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی سەرجەم بوارەکان لەگەڵ پێوەری دیاریکراوی لێکۆڵینەوەکەدا، چونکە لە کۆی چوار بوارەکە (ڕادەی بەکارهێنانی خوێندنی ئەلیکترۆنی ، باشیەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی ، ئاوێتە بوونی مامۆستا لەگەڵ فێرکردنی ئەلیکترۆنی ، ئاستەنگەکانی خوێندنی ئەلیکترۆنی)، سێ بواریان ئاستێکی بەرزدایە.

٢.بەڵام بوارەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوە لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە لە ڕوانگەی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان لە ئاستێکی نزم دایە، ئەمەش بە بەراوردکردنی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی سەرجەم بوارەکان لەگەڵ پێوەری دیاریکراوی لێکۆڵینەوەکەدا، چونکە لە کۆی شەش بوارەکە (بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترونی لەلایەن خوێندکارانەوە، ئەزموون و لێهاتووییەکان فێربوون، ئاوێتە بوونی خوێندکاران لەگەڵ بەکارهێنانی ئەنتەرنێت لەسەروبەندی فێرکردنی ئەلیکترۆنی ، دەستکەوتەکانی خوێندن و داهێنان، پاڵنەر و پلاندانان بۆفێربوون، رێگای بیرکردنەوە و توێژینەوە)، چوار بواریان ئاستێکی نزم دایە.

٣.بەشێوەیەکی گشتی برەگەکانی ئاڕاستەی (بۆچوون)ی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان ودەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ئاستێکی نزم دایە، ئەمەش بەدیاریکردنی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی سەرجەم برگەکان، واتا ئاڕاستەی (بۆچوون)ی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان ودەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی نەرێنیە .

٤.بەشێوەیەکی گشتی برەگەکانی ئاڕاستەی (بۆچوون)ی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ودەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە ئاستێکی نزم دایە، ئەمەش بەدیاریکردنی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی سەرجەم برگەکان ، واتا ئاڕاستەی (بۆچوون)ی خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان ودەربارەی خوێندنی ئەلیکترۆنی نەرێنیە

ڕاسپاردەکان :

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە دەخرێنەڕوو:-

١.کردنەوەی خولی شیاندن و ڕاهێنان و بەهێزکردن مامۆستایانی زانکۆی گەرمیان ، پێویستە ئەو مامۆستایانە وانە بەخوێندنی ئەلیکترۆنی دەڵێنەوە ڕابهێنرێن لەسەرئەوەی بابەتەکانیان لەرێگەی خوێندنی ئەلیکترۆنی بەخوێندکار بگەینن.

٢.داواکردن لەلایەنی پەیوەندیدار بۆهاندانی مامۆستایانی زانکۆ ئاڕاستەکردنیان بۆجێ بەجێکردنی خوێندنی ئەلیکترۆنی لە هەموو قۆناغەکانی زانکۆ.

٣.پێویستە مامۆستایانی زانکۆ گرنگی بدات بە خوێندنی ئەلیکترۆنی، لەناوکۆرس بوك و پرۆگرامی ئەو مامۆستایانەی بابەتی ڕێگای وانەوتنەوەی بەشەکانی نێو کۆلێژەکە دەڵێنەوە.

٤.پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا توێژینەوەی زانستی تۆری ئەنتەرنێت دابین بکات بۆئەوەی مامۆستاو خوێندکاری زانکۆبەکاری بێهنن لەکاتی وانەدا.


یەکەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

١)ابراهيم ، لينا محمد وفا عبد الرحمان (٢٠٠٩) ، أساليب تدريس العلوم للصفوف الأربعەالأولى (النقريەو التگبيق ) ، گ١،مكتبه المجتمع العربى للنشر والتوزيع ، عمان، الأردن .

٢)ابو ديه ، عدنان احمد (٢٠١١) ، اساليب معاصره فى تدريس الاجتماعيات ، گ ١، دار أسامه للنشر و التوزيع ، الأردن .

٣)أبو شخيدم ، سحر سالم ، اخرون (٢٠٢٠)،فاعليه التعليم الإلكترونى فى ڤل انتشار فيروس كورونا من وجهه نقر المدرسين فى جامعه فلسگين التقنيه (خچورى).

٤)ابو شريح ، شاهر ژيب (٢٠٠٨) ، استراتيجيات التدريس ، گ١ ، المعتز النشر و التوزيع ،عمان .

٥)أمينه ،هدى (٢٠١٣) فاعليه استخدام الانترنيت كوسيله تعلميه فى گريقه حل المشكلات لدى الگلبه الجامعين ،رساله ماجستير ،، كليه العلوم الانسانيه والاجتماعيه ،جامعه د. مولاى الگاهر سعيده ، الجمهوريه الجزائريه

٦)البرعى ، وفاو محمد(٢٠٠٢)، دور الجامعه فى مواجهه الگرف التفكيرى، دار المعرفه الجامعه، مصر.

٧)الترتورى ، محمد عوچ ، و أغادير عرفات حويجات (٢٠٠٦) ، إداره الجوده الشامله فى مؤسسات التعليم العالى والمكتبات مراكز المعلومات ، گ ٢ ، دار الميسره للنشر والتوزيع الاردن .

٨)الجاغوب ، محمد عبد الرحمان (٢٠٠٢)، النهج التقويم فى المهنه التعليم، گ١، دار وائل للنشر والتوزيع ، عمان، الأردن .

٩)جامل ، عبد الرحمن عبد السلام (٢٠٠١ ) ، الكفايات التعلميه "فى القياس والتقويم واكتسابها بالتعلم الزاتى" ، گ٢ ، دار المناهج للنشر و التوزيع ، عمان ، الأردن .

١٠)الجبورى ، صبحى ناجى عبدالله و التميمى وعدنان حسن (٢٠١١) ، گرائق التدريس العامه ، گ٢ ، بغداد .

١١)الحسناوى ، حاكم موسى (٢٠١٩) ،فاعليه گرئق التدريس الحديپه فى التنميه الاتجاهات العلميه ، دار ابن نفيس للنشر والتوزيع ،عمان ،الأردن .

١٢)الحيله ، محمد محمود (٢٠٠١)، گرائق التدريس و استراتيجياته، دار الكتاب الجامعى العين، گ١، الامارات العربيه المتحده.

١٣)الحيله ، محمد محمود(٢٠٠٢) ، مهارات التدريس الصفى ،ط١ ، دار المسيره و النشر و التوزيع ،عمان.

١٤)خليفه، عبد اللگيف (١٩٩٠ ) ، سيكولوجيه الاتجاهات ، دار غريب للگباعه والنشر، القاهره .

١٥)الدمراش، صبرى(١٩٩٧)، اساسيات تدريس العلوم،ط٢، دار المعارف.

١٦)الزغول ،عماد عبد الرحيم وشاكر عقله المحاميد(٢٠٠٧) ، سيكولوجيه التدريس الصفى ، گ١، دار المسيره للنشر و التوزيع والگباعه ، عمان ،الأردن .

١٧)زهران ، حامد (٢٠٠١) ، الصحه النفسيه والعالج النفسى ، ط ٣ ، عالم الكتب ، القاهره .

١٨)زيتون ، عايش محمود (١٩٩٥) ،اساليب التدريس الجامعى ،ط١،دار الشروق للنشروالتوزيع ، عمان، الأردن .

١٩)زيتون ، كمال عبد الحميد (٢٠٠٤) ، تكنولوجيا التعليم فى عصر المعلومات و الاتصالات ، ط٢ ، علم الكتاب ، القاهره .

٢٠)الزبود، نادرفهمى (١٩٩٩)،التعلم والتعليم الصفى ،ط٤، دارالفكر للطباعه والنشر و التوزيع ،عمان ،الأردن .

٢١)سالم ،رائد خليل (٢٠٠٧)،تطوير المناهج التربويه ،ط ١ ، دار اجنادين للنشر و التوزيع ، عمان ،الأردن.

٢٢)سالمون ، جيلى(٢٠٠٤) ، التعليم عبر الانترنت دليل التعليم و التعلم باستخدام التكنوجيا الحديثة ،ترجمههانى مهدى الجمل ، ط١،مجموعه النيل العربيه ، القاهره .

٢٣)سعاده ، جودت احمد وعادل فايز السرطاوى (٢٠٠٣) ، استخدام الحاسوب والانترنت فى الميادين التربية والتعليم ، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع ، عمان .

٢٤)سلامه ،عبد الحافڤ و محمد ابو ريا (٢٠٠٢) ، الحاسب فى التعليم ، الأهليه ، عمان ، الاردن .

٢٥)سويدان ، امل عبد الفاتح و منال عبد العال مبارز (٢٠٠٧) ، التقنيه فى التعليم المقدمه فى اساسيات الگالب والمعلم ، گ١ ، دار الفكر للطباعه والنشر والتوزيع ، عمان، الأردن .

٢٦)السيد ، يسرى مصگفى (٢٠١٣) اتجاهات معاصره للبحپ فى تكنولوجيا التعليم ، گ١ ،عالم الكتب الحديپ للنشر و التوزيع ، الاردن

٢٧)شحاده، نعمان (٢٠٠٩) ، التعلم والتقويم الأكاديمى ، گ١ ، دار الصفاو ، عمان، الأردن .-٢٣

٢٨)الشريف ، محمد حارب (٢٠١٦)،اتجاهات طلبه جامعه شقراو نحو التعليم الإلكترونى، مجله كليه التربيه، جامعه الأزهر، العدد (١٦٨) أبريل

٢٩)الشهرى ، سامى بن مصبح (٢٠١٩)اتجاهات أعچاو هيئه التدريس بجامعه الملك خالد نحو استخدام التعليم الإلكترونى فى تدريس الرضيات ، المجله الدوليه التربويه المتخصصه ،المجلد(٨) ، العدد (٦)حزيران .

٣٠)الشهرى ، فايز عبدالله (٢٠٠٢) ، التعليم الإلكترونى فى المدارس السعوديه قبل أن نشترى القطار هل وضعنا القڤبان ، دار المعرفه ، الرياض .

٣١)صالح ،بسمه (٢٠٠١٧) ، من خلال عمليتى التدريس و التقييم LMD مدى تكيف الاستاذ الجامعى مع أهداف نچام ،اطروحه الدكتوراه ، كليه العلوم الانسانيه والاجتماعيه ،جامعه العربى بن مهيدى ، الجمهوريه الجزائريه .

٣٢)الصيفى ، سامى نوفل خليل (٢٠١٥) ، اتجاه أعچاو هيئه التدريس بجامعه القدس المفتوحه نحو التعميم الالكترونى وعلاقته بفاعليه الزات ، رساله الماجستير، كليه التربيه - بالجامعه الاسلاميه ، بغزه .

٣٣)عامر، گارق عبد الرؤوف (٢٠٠٧)، التعليم و المدرسه الإلكترونيه ،دار السحاب للنشر و التوزيع ، القاهره .

٣٤)عايش ، أحمد جميل (٢٠١٠)، تگبيقات فى الاشراف التربوى، گ ٢ ، دار المسيره للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

٣٥)عبد الحى، رمزى أحمد (٢٠٠٥ ) ، التعليم العالى الإلكترونى محدداته ومبرراته ووسائگه ، دار الوفاو لدنيا الگباعه والنشر، گ١، الإسكندريه ، مصر.

٣٦)عبد الهادى، نبيل (٢٠٠٢) ، مدخل الى القياس والتقويم التربوى واستخدامه فى مجال التدريس الصفى ، گ٢ ، دار وائل للنشر والتوزيع ، عمان، الأردن .

٣٧)عبله ، بوساحه (٢٠٠٧) ، اتجاهات الاستاژ الجامعيين نحو تگبيق النموژج الثقافى التنڤيمى للنڤرى ، رساله ماجستير ،كليه العلوم الانسانيه والاجتماعيه ، جامعه منتورى قسنگينه ، الجمهوريه الجزائريه .

٣٨)العبودى، رجاو صدام جبر(٢٠١٧) ، اتجاهات گلبه جامعه بغداد نحو التعلم الإلكترونى ، مجله العلوم النفسيه ،العدد٢٣

٣٩)العجلونى، خالد إبراهيم(٢٠١٤) ، الآپار التعليميه لاستخدامات الانترنت من قبل طلبه الجامعه العربيه المفتوحه فرع الأردن، لعلوم التربويه المجلد (٤١)العدد(٢) .

٤٠)عماشه ،سناو حسن (٢٠١٠) ، الاتجاهات النفسيه والاجتماعيه انواعها ومدخل لقياسها ، ط١ ، كليه التربيه ، جامعه الطائف ، المملكه العربيه السعوديه .

٤١)عمر ،ماهر محمود(١٩٩٠) سايكولوجيه العلاقات الاجتماعيه ،دار المعرفه الجتماعيه الاسكدريه.

٤٢)العواوده ، طارق حسين فرحان (٢٠١٢) ، صعوبات توجيف التعليم الإلكتروني في جامعات الفلسگينيه بغزه كما يراها الاساتذه والطلبه ، رساله الماجستير، كليه التربيه - بالجامعه الازهر ، غزه.

٤٣)الغراب، إيمان محمد (٢٠٠٣ ) ، التعليم الإلكتروني مدخل إلى التدريب غير التقليدي ، المنظمة العربية للتنميه الإدارية ،القاهره .

٤٤)الفتلاوي ، سهيله محسن كاظم (٢٠٠٨) ، الجوده في التعليم ، ط١ ، دار الشروق النشر و التوزيع ، عمان .

٤٥)الفتلاوي ، سهيله محسن كاظم (٢٠٠٩) ، المدخل الى التدريس ، ط١ ، دار الشروق النشر و التوزيع ، عمان .

٤٦)فرج، عبداللطيف (٢٠٠٥) ، طرق التدريس في القرن الواحد العشرين ، گ١ ، دار المسيره للنشر و التوزيع والطباعه ، الأردن .

٤٧)فرج، عبداللطيف (٢٠٠٥) توقيف الإنترنت في التعليم ومناهجه ، المجله التربوى ،المجلد (١٩) ،العدد (٧٤) ،مارس ٢٠٠٥

٤٨)الفيلي، رياچ نوري محمد(٢٠١٤)، تقويم الطرائق التدريسيه المستعمله عند مدرسي ماده الجغرافيه في مرحله الاعدادية، رساله ماجستير ، كليه التربيه للعلوم الانسانيه ، جامعه بغداد.

٤٩)قمبز، محمود (٢٠٠٦) ،دراسات في التعليم الجامعي، عالم الكتب الحديپ النشر و التوزيع ، عمان ،الأردن

٥٠)كاظم ، سهيله محسن و حبيب راچي و حزام جليل (٢٠١٩) ، طرائق التدريس العامه "بين التدريس التقليدي والتدريس الالكتروني المعاصر ، گ١ ، دار الشروق النشر و التوزيع ، عمان .

٥١)الكبيسي، وهيب مجدي و صالح حسن احمد الداهري (١٩٩٩ ) ، علم النفس العام ، دار الكندي ، اربد ، الأردن .

٥٢)الكسو اني ، مصطفى خليل ويخرون (٢٠٠٧)، أساسيات تصميم التدريس، ط١، دار الپقافه، عمان، الأردن .

٥٣)كمال ، طارق (٢٠٠٦) ،أساسيات علم النفس العام ، مؤسسه شباب للنشر والتوزيع ، الإسكندريه ، مصر.

٥٤)لكنعان، هدى بنت محمد (٢٠٠٨ ) ، استخدام التعليم الإلكتروني في التدريس ، لملتقى التعليم www.elf.gov.sa.2011/4/25 التصفح تاريخ

٥٥)مازن ، حسام محمد (٢٠٠٩)، تكنوجيا التربيه وضمان جوده التعليم ، گ١، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهره .

٥٦)محمد ، جاسم محمد (٢٠٠٨) ، سيكولوجةه الادارة التعليمية والمدرسيه وافاق التطوير العام ، ط١ ، دار الپقافه للنشر و التوزيع ، عمان .

٥٧)محمد،عبدالحميد عبدالخالق (٢٠١٠) الاتجاهات نحو الدراسة وعلاقتها بعادات الاستژكار لدى طلاب الپانويات التخصصيه بمدينه المرج ، رساله ماجستير ، كليه الاداب ، جامعه بنغازي .

٥٨)المحيسن، إبراهيم بن عبد الله (٢٠٠٢)، تعليم المعلومات في التعليم العام في المملكه العربيه السعوديه. مجله جامعه الملك سعود ، الرياچ، العدد ٩١

٥٩)الموسى، عبد الله بن عبد العزيز، و أحمد بن عبد العزيز المبارك (٢٠٠٥ ) ، التعليم الإلكتروني" الأسس والتطبيقات " ، شبكه البيانات ،الرياض .

٦٠)الهاشمي ، عبد الرحمن عبد، و محسن علي عطيه ( ٢٠٠٩) ، مقارنه المناهج التربوية في الوطن العربي والعالم ، دار الكتاب الجامعي ، المعين ، الامارات العربية المتحدة .

٦١)وكيل ، حلمي ، و محمد المفتي (٢٠٠٧ ) ، بناء المناهج و تنضيمها ، ط٢ ، دار المسيره للطباعه و النشر و التوزيع ، عمان .

دووەم : بەزمانی کوردی :-

٦٢)قەرەچەتانی ، کەریم شەریف (٢٠١٨) ،پێوەن هەڵسەنگاندن "لە بواری پەروەردەو دەروونزانی" ، چاپخانەی زبانی صلح ، سلێمانی .


An Evaluation of the Internet Based Teaching Process from University of Garmian Teachers and Students Perspectives and Their Attitudesn towards Electronic Learning


Abstract

The present study is aimed at depicting the assessment of online teaching process in the viewpoint of the lecturers of University of Garmian; shedding light on the assessment of online teaching process in the viewpoint of the students of University of Garmian; showing the opinion of the lecturers of University of Garmian on studying online; and investigating the opinion of the students of University of Garmian on studying online .

To achieve the aforementioned aims, the researcher has applied (social descriptive survey), the field of the study includes all of the students and lecturers of the college of education in University of Garmian for the academic year 2020-2021, the total of 323 lecturers and 4954 students; taking a random sample of 0.11% (36) lecturers and 0.47% (237) students. The researcher's criterion for (The Process of Online Teaching from the Viewpoint of Lecturers and Students) is based on 4 fields for lecturers and 6 fields for students. The criterion of lecturer and student opinion for online study consists of 25 sections for students and 25 sections for teachers summing up truth, statistics and diversity for each criterion. To sum up the statistics of the criteria, 13 lecturers and 30 students have been picked from the basic sample.

The researcher has used (SPSS) to solve the scientific statistics, Pearson correlation coefficient, average, t-test for two examples, measures of central tendency and percentages. Following the research steps and analyzing data and statistics, the researcher has come to conclude that the assessment of online teaching process in the viewpoint of the lecturers is estimated highly in general, the assessment of online teaching process in the viewpoint of the students is estimated poorly, the opinion of the lectures of University of Garmian on online study is negative. In addition, the opinion of the students of University of Garmian on online study is negative.